بۆ منداڵی تەمەن "٥" ساڵ و بەرەوژوور

کایۆ

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

بۆ میوانی دەچێت

وەزارەتی ڕۆشنبیریی و لاوان
بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوە
بەڕێوەبەرایەتیی ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی

ئەم کتێبە لەسەر بودجەی پایتەختی ڕۆشنبیریی چاپ کراوە

ناوی کتێب: کایۆ بۆ میوانی دەچێت
بابەت: چیرۆک
نوسینی دەق: لە فیلمی کارتۆنییەوە وەرگیراوە
وەرگێڕانی لەبولگارییەوە: نوخشە چروستانی
پیتچنین: نوخشە چروستانی
پێداچوونەوە و هەڵەچنی: دلێر محەممەد
نەخشەسازی بەرگ و ناوەوە: هەڵاڵە عەزیز
سەرپەرشتیاری چاپ: کارزان عەبدوڵڵا
چاپخانە: کەمال
تیراژ: (١٠٠٠) دانە
نرخ: ١٠٠٠ دینار
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (١٨٦٣)ی ساڵی (٢٠١٧)ی پێدراوە
ناونیشان: سلێمانی/ شەقامی سالم- پشت کتێبخانەی گشتی
☎: ٣٣٠١٩٤٩



مافی لە چاپدانەوەی بۆ بەڕێوەبەرایەتیی ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی پارێزراوە

©
٢٠١٧

(لیۆ) کایۆی هاوڕێی بۆ ماڵی خۆیان بانگهێشت کردبوو ، کایۆ زۆر شپرزه ببوو و دەیویست زوو بچێت بۆ لای لیۆ، چونکه ئەمه یەکەم جاری بوو دایکی ڕێگەی پێ بدات، که لای هاوڕێیەکی بمێنێتەوه.

به پەله چووه ژووره‌که‌ی خۆی تا جانتاکەی ئاماده بکات. دەیویست داینا‌سۆره‌که‌ی و ئۆتۆمبێله بچووکەکەی و شمشێره کارتۆنییەکەی لەگەڵ خۆی ببات.

بەڵام پشتەکۆڵەکەی پڕ بووبوو و جێگەی هەموو شتەکانی نەدەبووەوه، دایکی جانتایەکی تری لە کەنتۆره‌که دەرهێنا و بیجامەکەی و فڵچەی ددانەکەی بۆ تێکرد.



ورچەکەی کایۆ بەخەمباری لەسەر جێگەکەی دانرابوو، کایۆ لە خۆشیی سەردانەکەی بۆ لای لیۆی هاورێی، هێندە شڵەژابوو ئەوەی بیری نەمابوو، ورچە خۆشەویستەکەی بوو.

کاتێك ئاماده بوون بۆ ڕۆیشتن، دایکی پرسیاری کرد: ئایا هیچ شتێکمان بیر نەچووە؟ تەنیا پێویستیت بە بیجامە و فڵچەی ددان و ورچەکە و... هەیە.

کایۆ لە پڕ هاواری کرد: ئـۆی! ورچەکەم. بە پەلە بەرەو ژوورەکەی خۆی ڕایکرد، باوەشی بە ورچەکەیدا کرد.

دەبوو ئۆتۆمبێلەکەی لەناو پشتەکۆڵەکەی دەربـهێنێ تا جێگەی ورچەکەی بکاتەوە. چۆن دەبـوو کایۆ بەبـێ ورچەکەی لـە ماڵی لیۆ بخەوێت!







کایۆ لە ڕێگا بەردەوام باسی لیۆی دەکرد چونکە ئەو شتێکی خەیاڵیی هەبوو ـ باوکی لیۆ لە باخەکەیاندا خانوویەکی بچووکی لەسەر دارێك بۆ دروست کردبوو ـ کایۆ و لیۆ زوو زوو لەوێ پێکەوە یارییان دەکرد. هەندێ جار دایکی لیۆ خواردنی بۆ دەبردن بۆ خانووە بچووکەکە.

کایۆ زۆر دڵی بەچوونی بۆ لای لیۆی هاوڕێی خۆش بوو.

هەر بە گەیشتنیان، کایۆ ڕایکرد تا لیۆ ببینێت، بگرە دایکی و شتەکانی خۆی لەناو ئۆتۆمبێلەکەدا لەبیرچووەوە. کایۆ لە لیۆی پرسی: ئایا بۆمان هەیە، لە خانووی سەر دارەکە یاری بکەین؟

بە پەلە هەردووکیان بەسەر پەیژەکەدا سەرکەوتن. لە سەرەوە کایۆ چاوی بە دایکی کەوت، کە پشتەکۆڵەکانی بۆ هەڵگرتبوو.

کایۆ هاواری کرد: دایە، ئەها توانیم سەرکەومە سەر ئەم شوێنە بەرزە!

دایکی کایۆ: ئەی ئافەرین، تۆ زۆر ئازایت، بەڵام تکایە ئاگاداری خۆت بە.

کایۆ: دایە گیان
خەمت نەبێ، من ئاگام
لە خۆمە.

دایکی کایۆ: پێویستە
من بڕۆم، کاتێکی
خۆش بەسەربەرن،
سبەینێ دەتانبینمەوە.

کایۆ: دایە گیان خوات لەگەڵ
(دەستەبچووکەکانی بۆ ڕاوەشاند).
کایۆ تەماشای دایکی کرد تا تێپەڕی و
لە چاو ون بوو. پاش ئەوە لەگەڵ هاوڕێکەی
دەستیان بە یاری کردن کرد و دایکی لەبیر چووەوە.
کایۆ و لیۆ تا پاشنیوەڕۆ لە خانووە بچووکەکەدا
یارییان کرد. زۆر دڵیان بەو خانۆچکەیە خۆش بوو.

کاتی نانخواردنی ئێوارە هات و دایکی لیۆ بانگی کردن، تا بێنە خوارەوە. کایۆ لە تەنیشت هاوڕێکەیەوە دانیشت و تەماشایەکی دەوروپشتی خۆی کرد، باوك و دایك و براگەورەکەی لیۆ لە دەوری دانیشتبوون، هەموویان دەستیان بە نانخواردن کرد، کایۆ نەبێت.



کایۆ بیری دایکی و باوکی و خوشکە بچووکەکەی دەکرد و بیری قاپە زەردەکەی خۆی کەوتەوە، کە هەمیشە نانی تێدادەخوات. دایکی لیۆ پرسیی: کایۆ بۆ نان ناخۆیت، برسیت نییە؟ کایۆ لەسەرخۆ سەرێکی بۆ لەقاند.

دایکی لیۆ وتی: کێ یەکەم کەس خواردنەکەی تەواو بکات، شتێکی شیرینی خۆش وەردەگرێت. کایۆ دەستی بە نانخواردن کرد و پاش ئەوە شیرینیشیان خوارد.



پـاش نانخـواردنی ئێوارە، هێشتا تۆزێك کاتیان بۆ یاریکردن مابوو. کایۆ باسی داینـاسۆرەکەی خۆی بۆ لیۆی هاوڕێی دەکرد. ئەو کاتانەی کایۆ بـە یاریکردنەوە سەرقاڵ دەبوو، زۆر دڵی خۆش بوو و بیری لە خێزانەکەی نەدەکردەوە. کاتی خەوتن هات و دەستیان لە یاریکردن هەڵگرت، بیجامەکانیان لەبەرکرد و دەموددانیان شوشت.

لیۆ سیسەمێکی دوو قاتی هەبوو، بە کایۆی وت: خۆت هەڵبژێرە، حەز دەکەیت لەسەر کام جێگەیە بخەویت؟ کایۆ نەیدەزانی کام جێگەیە هەڵبژێرێت! سەیرێکی جێگەکەی خوارەوە و پاشان جێگەکەی سەرەوەی کرد، کەمێك لە جێگەکەی سەرەوە دوو دڵ بوو و نەیدەویست بەسەر پەیژەکەدا سەرکەوێت و لەسەر جێگەیەك بخەوێت کە نامۆ و لە هەمان کاتدا بەرزیش بێت. لەبەرئەوە بازی دایە سەر جێگەنزمەکە.





کایۆ حەزی دەکرد بچێتەوە ماڵی خۆیان، بچێت بۆ لای دایە و بابە و لەناو جێگەکەی خۆیدا بخەوێت. کاتێك دایکی لیۆ گڵۆپەکەی کوژاندەوە، کایۆ دەستی بە گریان کرد. ژوورەکەش هێندە تاریك بوو، نەیدەتوانی هاوڕێکەی ببینێت، زۆر هەستی بە تەنیایی دەکرد. فرمێسك بەسەر ڕوومەتەکانیدا هاتە خوارەوە. پاش کەمێك دایکی لیۆ هاتە ژوورەوە، تا دایانپۆشێت. هەستی کرد کە کایۆ دەگری، باوەشی پێدا کرد و لێی پرسی: کایۆ گیان، بۆ دەگریت؟ کایۆ بەکوڵ دەستی بە گریان کرد و وتی: دایکم دەوێت.

دایکی لیۆ وتی: کایۆ گیان، لێت تێدەگەم و دەزانم، کە ڕانەهاتوویت دوور لە خێزانەکەت و لە جێگەیەکی نامۆدا بخەویت.

دایکی لیۆ وتی: کایۆ گیان، لێت تێدەگەم و دەزانم، کە ڕانەهاتوویت دوور لە خێزانەکەت و لە جێگەیەکی نامۆدا بخەویت.

ئێستا شتێك دەکەین، بۆچی نایەیت لەگەڵم تا تەلەفۆن بۆ دایکت بکەین؟ چونکە دەیزانی کایۆ هەر بە قسەکردنی لەگەڵ دایکیدا، ئارام دەبێتەوە. دایکی لیۆ ژمارەکەی بۆ لێدا و تەلەفۆنەکەی دایەدەست کایۆ.



کایۆ گوێی لە زەنگی تەلەفۆنەکە بوو، پاشان دەنگی دایکی هاتە بەرگوێی، وتی: دایە، دایە گیان ...

- کایۆ، ئەوە تۆیت؟

- دایە، دەمەوێ بێمەوە بۆ ماڵەوە.

- ورچەکەشت دەیەوێ بێتەوە بۆ ماڵەوە؟

- ورچەکەم؟!

- بەڵێ، ورچە جوانەکەت. بەدڵنیاییەوە لەناو پشتەکۆڵەکەت دەرت نەهێناوە و ئێستا ئەویش هەست بەتەنیایی دەکات، خۆ ورچەکەشت زۆری پێ خۆش بوو، کە لە ماڵی لیۆ بخەوێت.

کایۆ کە بیری لە ورچەکەی کردەوە، دڵی خۆش بوو، تەلەفۆنەکەی داخستەوە و بەپەلە پشتەکۆڵەکەی کردەوە و ورچەکەی هێنایە دەرەوە و هاواری کرد: ئەها.. ورچەکەم لەلایە. سەرنجێکی دا، ورچەکەی زۆر تەنیا و بێکەس هاتە بەرچاو.

کایۆ زۆر بەتوندی ورچەکەی لە باوەش گرد. دایکی لیۆش فرمێسکەکانی بۆ سری و لووتی بۆ پاك کردەوە.



کایۆ بازێکی دایە سەر جێگەکەی و ماچێکی ورچەکەی کرد و خستیە ژێر لێفەکەیەوە. پاشان پەیمانی بە ورچە نەرمونۆڵەکەی دا، کە هەرگیز جارێکیتر لە یادی نەکات. دەستی لە ملی ورچە نەرمەکەی کرد و خەوێکی قووڵی لێ کەوت.



کایۆ

بۆ

میوانی دەچێت

وەرگێڕانی لە بولگارییەوە

نوخشە ئەحمەد چروستانی